بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

تێکۆشان

ڕووخانی رژێمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێیەم، ژمارە (١٣١) ٣٠ی بەفرانباری ٢٧٠٧ی کوردی، ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، ٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٨ی زایینی

با هەموو پێکەوە لە بیرەوەریی کۆماری کوردستاندا بۆ وەدیهاتنی ئاواتەکانی گەلی کورد و دەستەبەرکرانی ئازادی و ڕووخانی ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی تێبکۆشین.

ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەسەر شانۆی هەڵبژاردن بۆمەجلیسی هەشتەمی ڕژیم

هاونیشتمانانی تێکۆشەر!

٣٠ ساڵە ئاخوندەکان لە ژێر ناوی ئیسلام و بە چاوبەست و فریوکاری و ستەم و بێعەداڵەتی و هەڕەشە و تۆقاندن دەسەڵاتی ئێرانیان بە دەستەوەیە، بە سەرنجێکی بە پەلە و لێکۆڵینەوەی لە دەسەڵاتی ئێستای ئێران دەردەکەوێ، ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرترین و قێزەونترین دەسەڵاتە لە جیهاندا. دەسەڵاتێک کە لە سەر کوشتن و زیندانی کردن و تڕۆر و فریوکاری خۆی ڕاگرتووە.

ئاشکرایە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی ڕژیم ئەوەی لێی بەریە و پێوەندی پێوە نیە، هەڵبژاردن و ئازادی و عەدالەتە، دەسەڵاتێک کە زیاتر لە ٥٤ جار لەلایەن کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ناوەندە جیهانیەکانی پێشتیوانی مافی مرۆڤ لە سەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ و کوشتن و بەردەباران کردن و پێشێلکردنی مافی کەمایەسیە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیەکان مەحکوم کراوە. دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران کە باس لە هەڵبژاردن و مافی خۆ پاڵاوتنی خەڵک و بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان دەکەن، تەنیا ئەوە بە مەبەستی درێژ کردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتە ملهوڕانەکەیان و بە ناو بۆ مەشروعیەت دان بە حوکمی دواکەوتوانەیانە.

کەم کەس هەیە نەزانێ ئاخونده دەسەڵاتدارەکان مافی هیچ کام لە هاونیشتمانانی ئێرانی لە بەرچاو ناگرن، تەنانەت مافی ئەو ئاخوندانەی کە ماوەیێک لەگەڵ دەسەڵاتەکەیان بوون و بە جۆرێک ڕەخنەیان لە شێوەی بەڕێوە بەریی وەڵات گرتوە،پێشێل کردوەو دەکەن.

دەسەڵاتداری ئاخوندی لە سەرتا خواری لە فەساد و گەندەڵیدایە و بە ڕۆژی ڕوونا‌ک و بە شێوەیێکی بەر چاو دزی و تاڵا کردن وەک کارێکی ئاسایی تیایدا ئەنجام دەدرێ. لە دەسەڵاتێکدا کە بە ٢٠ ملوێن دولار و ملیاردها تەن دزی دەکرێ، نازاندرێ لە کوێ و چۆن ئەو دزیە کراوە، بێگومان هەڵبژاردن و پارلەمان بە بوونی ئەو گشتە دیاردە دزێو و جینایەتەوە بێجگە لەوەی گالتە کردن بە خەڵک و چارەنووسیان بێ چی تری تێدایە.

هاونیشتمانانی ستەم لێکراو!

ئێوە ٣٠ ساڵە تامی تاڵی ستەم و بێعەداڵەتی ئەو ڕژیمە و بەکرێگیراوان و ناوەندە سەرکوتگەرکانی دەچێژن، بەربەرکانی هەڕەشەکان و بێ حورمەتی و سوکایەتی پۆلیێک ئاخوندی لە خودا و لە ئینسانیەت بێ خەبەر دەکەن. ئەو ئاخوندانە بێجگە لە ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەیان و دزی و بە تاڵان بردنی مااڵ و سەرمایەی خەڵک بیر لە شتێکی دیکە ناکەنەوە. بۆیە جێگای خۆیەتی وەک هەمیشە بە ئاخوندەکان و دەسەڵاتی نارەوایان بسەڵێنن کە هیچ نەوعە مەشروعیەتێکیان نیە بۆیە ئەرکێکی نیشتمانی و ئینسانی و ئیسلامیتانە بەشداری هەڵبژاردن نەکەن و نەچنە سەر سندوقەکانی هەڵبژاردن.

هەر چەندە ئاخوندەکان بە فێڵ و ساختەکاری هەر لە ئێستاوە کەسانێکیان بۆ نوێنەرایەتی مەجلیسی کارتۆنی ڕژیم دیاری کردوە بۆ فێڵ و ساختەکاری لە هەڵبژاردنی نمایشی بەڕێوە دەبەن هەر لەو پێوەندیەدا وەزیری ناوخۆی ڕژیم باسی لە بوونی ٧ ملوێن ناسنامەی ساختە و بێ خاوەن کردوە کە بۆ دەنگدان دروست کراوە، بەاڵم بەشداری نەکردنی خەڵک، لەو نمایشەدا جارێکی دیکە ئاخوندەکان ڕسوا دەکا و بۆ کۆمەڵگەی جیهانیش دەردەکەوێ ئەو ڕژیمە هیچ پێگەیێکی کۆمەاڵیەتی و جەماوەریی نیە.

هەوااڵدەریەکانی ڕژیم باڵوێان کردەوە لە ڕۆژی ١٥ی بەرفرانبارەوە ناونووسینی پالیێوراوانی دەستی پێ کردوە و لە ٢١ی بەفرانبار، ئەو ناو نووسینانە کۆتایی پێ دێ، بێ گومان ئەوانەی خۆیان ناونووس دەکەن دەبێ لەلایەن شۆڕای نیگەهبان، موتمانەیان پێ بدرێ و ڕەزایەت لە سەر بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا بکرێ، کە ئەو کارەی ڕژیمیش بۆ خۆی جۆرێکە لە گالتە کردن بە دیموکراسی. هەر بۆیە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران داوا لە کەسایەتیەکان و مرۆڤە خاوەن ئیمانەکان لە کوردستانی ئێران دەکا، بە لە بەرچاوگرتنی قازانجی تێکڕایی و ڕاگرتنی ڕێز و خۆشەویستیان لە ناو خەڵکدا فریوی بەڵێنی دژمن نەخۆن و بەشداری نەکەن لە خۆپاڵاوتە کردندا. لە بەرانبەردا هەوڵ بدەن جەماوەر زیاتر لە گەندەڵکاریەکانی ڕژیم بگەن و پرۆپاگەندە لە سەر هەڵوەشاوەیی و بێ ناوەڕۆکی دەسەڵاتی ئاخوندان و نمایشە بە ناو هەڵبژاردن کە لە مانگی ڕەشەمەدا بەڕێوە بچێ بکەین.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هەر نەوعە هەڵبژاردنێک لە ژێر دەسەڵاتی ئاخوندیدا بە نا شەرعی و ناڕەوا دەزانێ و پێی وایە ئاخوندان ئەو نمایشانە تەنیا بە قازانجی خۆیان و دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکەیان وەڕێ دەخەن.

با هەموو پێکەوە و هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدەین بۆ بایکوت کردن و تەحریم و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی ڕژیم بیکەینە شیعار و دروشم و کاری ڕۆژانەمان.

بروخێ ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندان

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٨ی بەفرانباری ١٣٨٦

ماهوارەییێکی نوێی ئیسرائیلی، گەاڵڵە ئەتۆمیەکانی ڕژیم دەخاتە ژێر چاودێری

ماهوارەییێکی ئیسرائیلی کە دەتوانێ ناوچە جیاجیاکانی ئێران تەنانەت لە شەو و لە هەوریشدا چاودێری بکا بۆ ئاسمان بەرێ کرا. بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل کە نەیویست ناوی باڵاو بکرێتەوە لە ووتوویژێک لەگەڵ هەواڵدەری ئاسوشیتدپرس ناشکرای کرد ئەو ماهوارە نـاوی (تسکار) لەلایەن ئەنیستیتۆی ئاسمانی ئیسرائیل گەاڵڵەی بۆ دارێژراوەو ڕادارێکی پێشکەوتووی بە ناوی شەبەق (افق) کە کەڵک لە دووربین وەردەگرێ توانای پێ و شوێن گرتن و چاودێری کردنی زیاتری دەبێ. ئەو بەرپرسەی ئیسرائیل گوتی ئەو ماهوارە دەتوانێ یارمەتی ئیسرائیل بدا لە پێ و شوێن گرتن و چاودێری کردنی مەبەستە سەربازیەکان کە بۆ دروست کردنی بۆمب کاریان تێدا دەکرێ و کەڵکی زۆر دەبێ. ئەو بەرپرسە ئیسرائیلیە گوتی لەوانەیە تا دوو حەوتووی دیکە وێنەی ئەو ماهوارەیە باڵاو بکرێتەوە.

سەرۆک کۆماری فەرانسە بۆ جارێکی دیکە، داوای کرد زۆری زیاتر بهێندرێ بۆ ڕژیمی ئاخوندی

نیکولای سارکوزی، سەرۆک کۆماری فەرانسە، لە ووتوێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی الحیات کە ڕۆژی ٢٣ی بەفرانبار باڵاو کرایەوە. لە پێوەند بە گەاڵڵە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئێران گووتی، بۆ ئەوەی ڕژیمی ئێران ناچار بکەین، پاڵاوتە کردنی ئورانیوم ڕاگرێ دەبێ زۆرهێنانی نێودەوڵەتی بۆ سەر ئەو ڕژیمە زیاتر کرێ.

نیکوال سارکوزی گوتی ڕژیمی ئێران بە بەردەوامی بەڵێن و بڕیارە نێودەوڵەتیەکان پێشێل دەکا. ناوبراو گوتی ئێمە دەمان هەوێ زۆرهێنانەکان لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئورووپا، بۆ سەر ڕژیمی ئێران زیاتر بکەین تا ئەو ڕژیمە ناچار بکەین ئەرک و بەڵێنە نێودەوڵەتیەکان جێ بە جێ بکا.

سەرۆک کۆماری فەرانسە، سەفەرێکی چەند ڕۆژەی بۆ وەاڵتانی خەلیجی فارس دەست پێ کردوە.

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ داوای کرد لێکۆڵینەوە لە مردنی خوێندکاری سنەیی بکرێ

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ کە لە نیۆیۆرک جێگیرە، ڕۆژی ١٨ی ژانویە لە ڕاگەیێندراوێکدا باسی لە مردنی ئیبراهیم لوتف اللهی و زەهرا بنی یعقوب کردوە، کە کەس و کاریان، ڕاپۆرتی ڕەسمی دەوڵەتیان قەبوول نیە.

جۆ ئەستۆرک جێگری بەشی خۆرهەاڵتی ئەو ڕێکخراوە لەو پێوەندیەدا نووسی، مردنی ئەو دوو الوە سەاڵمەتە لە زیندانـدا جێگەی نیگەرانیە و دەوڵەت کە بە پەلە هۆی مردنی ئەوانی بە خۆکوژی ڕاگەیاند، نیگەرانیەکان زیاتر دەکا.

ناوبراو لە درێژەدا گوتی هەل و مەرجی مردنی ئەو دوولاوە بەشێوەیێکە کە ڕوونکردنەوەی ڕەسمی قەبوول نیە و پێویستە بە وردی لەو پێوەندیەدا وەاڵمی پرسیارەکان بدرێتەوەو بەرپرسانی ڕژیمی ئێران هەنگاوی جێگەی باوەڕ لە پێوەند بەوەی لە ڕاستیدا چیی ڕووی داوە هەڵ گرن و بەرپرسەکانی پێوەندی دار بە مەرگی دووی‌وە وەاڵم بدەنەوە.

ئەو ڕێکخراوە بە ئاماژە بە ئوسوول و بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێوەند بە ڕێگە گرتن و لێکۆڵینەوە لە سەر ئێعدامە غەیرە قانوونیەکان، دەنووسێ ئەگەر خانەوادەی ئێعدام کراوەکان، داوا بکەن، تەرمەکە دەبێ دەربهێندرێتەوە و تا ئەو کاتەی کە هۆی مەرگیان ڕوون دەبێتەوە، دەبێ لە پزیشکی یاسایی بمێننەوە.

یادی کۆماری کوردستان دەستکەوتێکی میژوویی گەلی کورد، پیرۆز بێ



٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ یادی ٦٢ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕادەگرین.

بێ گومان کەم کورد هەیە شانازی بە کۆماری کوردستانەوە نەکا و کۆماری کوردستان وەک ڕووداوێکی گرینگی میژوویی نەبینێ، جیاواز لە ڕاو بۆچوونی هاونیشتمانانی کورد لە سەر کۆماری کوردستان، خەڵکێکی بەرچاوی غەیرە کورد و شارەزای سیاسی و میژوویی ، کۆماری کوردستان وەک نوقتە گۆڕانێکی گرینگ دەزانن و لە نووسینەکان و لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژەیان پێ داوە.

دیارە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەل و مەرجێکی تایبەت و لە ئاکامی ئاڵ و گۆڕە سیاسیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووهەم ئەو هەلە بۆ کورد ڕەخسا حکومەتێکی خۆیی دامەزرێنێ و هێندێک هۆی دیکەش یارمەتی دەربوون بۆ دامەزراندنی ئەو حکومەتە، بەاڵم سەرەڕای ئەو هۆیانەش و ئاڵ و گۆڕە سیاسیەکانی جەنگی جیهانی دووهەم، ئەگەر کورد بۆ خۆی لە مەیداندا نەبوایە و لە بنەڕەتدا خەباتی بۆ ئازادی و دەستەبەرکرانی مافەکانی نەکردایە، هیچ کات هەلەکان و ڕوداوە سیاسیەکان بەتەنیا ئەگەر زیاتریش بوونایە نەیان دەتوانی هۆی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بن.

لە باسی کۆماری کوردستان، کاریگەری پێشەوا قازی محمد، وەک سەرۆک و کەسایەتی دیار و سەرەکی و کلیلی گرینگە و پێویستە لە هەر ووتار و لێکدانەوەیێکدا ئاماژە بە ماندوو بوونی پێشەوای شەهید بکرێ، هەروەها دەوری بارزانی نەمر و هاوڕێیانی و کوردەکانی دیکە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک خاڵی بەرچاو بۆ دەورو پشت ئەستووری کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمر بوون.

بێ گومان باس کردن لە کۆمار و شانازیەکانی ئەوەندە زۆرن کە لە بابەت و لێکدانەوەیێک کۆتایی نایێ و لێرەدا ئەوەی پێویستە هەمومان پێی لە سەر داگرین، خەبات کردن و دڵسۆزی نواندن بۆ شۆڕشی کورد و تێکڕای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانە.

لە کاتێکدا یادی ٦٢ هەمین ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان دەکەینەوە بەداخەوە، جوواڵنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە هەر کاتێکی دیکە تووشی ئاڵۆزی و دابڕان و لێکترازان بووە، ئەو ناتەباییەی ئێستا هێز و الیەنەکانی کوردستانی ئێرانی گرتۆتە، نەک ناتوانی هیچ خزمەتێک بە کورد بکا، لە هەمان کاتدا ناتوانی خزمەت بە خودی الیەنەکانیش بکا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ پیرۆزبایی گەرم و بەرز ڕاگرتنی ٢ی ڕێبەندان ٦٢ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، داواکارە لەگەڵ ڕێزگرتنی ئەو ڕۆژە هەوڵ بدرێ لە خاڵە الوازەکان و دیاردە باشەکانی کۆماری کوردستان کەڵک وەرگیرێ. تا هەموو پێکەوە بە برایەتی تەبایی لە پێناو ئامانجە ڕەواکانی گەلی کوردستان وەدی هاتنی خۆڕی ئازادی و ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی تێ بکۆشین و گەلەکەمان بە تەبایی و یەکریزی و یەک هەڵوێستی شاد کەین و ڕۆحی شەهیدان و تێکۆشەرانی کۆماری کوردستانیش خۆش بکەین.

جارێکی دیکە پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ٦٢ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کوردستان، و یەکگرتوو بێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و گەلانی ئێران بۆ ئازادی.

کۆمیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە